## هەڵبەستی تۆماس ترانسترۆمێر= Tomas Tranströmer

وەرگێر لە سوێیەوە: ڕەحمانی سۆفی

### پەنج کورتە هەڵبەست

### ئاپریل و بێدەنگی

بەهار خاپوری چارەنوسە

مۆر مەخمەڵی تاریکی بەلامدا

دەخزێتە کەنداڵێکەوە

بە بێ ئاوێنە نوێنێک

تەنیا شتێکی زەرد ئەدرەوشێتەوە

نێرگزە بەهارەیە

منیش لە سێبەرەکەم دا ڕادەگوێزرێم

هەر وەکوو کەمانێک

لە جانتا ڕەشەکەی خۆیدا

تەنیا ئەوەی گەرەکمە بێژم

لە دوورەوە دەبروسکێتەوە چەشن وێنەی زیو

لە جامخانەی بارمتە فرۆشێک دا

### وڵاتی بێ ئاسایش

بەرپرسی بیرۆ دانەوی و نەخشەی کێشەکەی کێشاوە

گوارەکانی وەکوو شمشیرەکەی (دێمۆکلەس) دەلەرانەوە

وەکوو پەپولەی باڵ بەخاڵ لە خاکدا نەدیار دەبێ

شەیتان لەگەڵ ڕۆژنامەی هەڵدراوە تێکەڵ دەبێ

کڵاوخودێک هیچی لەباردا نییە،

کەچی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ!

دایەگەورە کیسەڵ لە ژێر ئاودا تیژباڵ دەفرێ

## پەڕاوی پرتوکی شەو

له شەویکی مانگی گوڵاندا

له نێو مانگەشەوێکی سارددا

چیمەن و گوڵ ڕەنگ خۆڵەمێشن،

بەڵام بۆنیان کەسکی  کەسکە

خزیم و له تەلان سەرکەوتم

له شەوێکی ڕەنگکوێردا، له حاڵێکدا که

بەردی سپی سیگناڵ بۆ مانگ دەنارد

له کەشێکی کاتیدا، چەن خولێک درێژ،

و پەنجا و هەشت ساڵ له پانایی پشت سەرمەوە

دوور له تریفەی ئاوی سۆربییەوە

مرۆڤ له باتی ڕوخساری ئێستا چاوەڕی داهاتون

## دوو شار

دوو شار

هەر یەک لای خۆیەوە

یەکیان تاریکی بە سەردا کشاوه

بە دەستی دوژمن داگیرکراو

دووەمیش گوڵۆپەکانی گڕدەگرن

ڕۆشنایی لێواری دەریا،

تاریکی بە ئەفسون دەگرێ

له ئاوی ڕەش بە سلامەت دەپەڕمەوە

له دروشانەوەی ئاوی ڕەشدا

شەپیوورێکی کەڕ خۆ تێدەکوتێ

وەخۆ دێمەوە، دەنگی خۆییە دێتە گوێم

گۆرەکەت لە کۆڵنێ و سەر بنێوە

## دیمەن لەگەڵ هەتاو

هەتاو لە پشت خانوماشێنەوە دەخزێ

لە نێوەڕاستی جادەدا خۆدەنوێنێ

بە سوورپڕشنگەوە، هەناسەی بە سەر ئێمەدا دەبارێنێ

دەبێ بەجێت بێڵم کارونچی

بەڵام تا بەیانی، هەتاوێکی گڕسوور

لەو دارەستانە نیوە گیانەدا

لەوێ گەرەکە کاربکەین و بژین

## چلەی زستان

لە جلوبەرگی منەوە،

نورێکی ئاوی ڕەنگ

١ دەشەپۆل ئەداتەوە

چلەی زستان

لەگوێمدا شەپیوورێکی سەهۆڵبەستە

جرینگ جرینگ دەنگ ئداتەوە

لە دنیایکی سەهۆڵ بەستەدا

چاوەکانم وێک دەنێم

لەوێدا درزێک هەیە

کە مردوەکان بە قاچخی دەگوێزنەوە.